# جینۆسایدی "رواندا" و هەڵەبجە و ئەنفال

## پێشنیازێك بۆ " چاك "

بە ئەرکێکی فەرمیی رۆژی 03-03-2005 نێردرام بۆ وڵاتی " رواندا " و بۆ ماوەی 4 رۆژ لە شاری " کیگالی " پاتەختی وڵاتەکە مامەوە ، هەرچەندە دەرفەتم زۆر کەمبوو بەڵام توانیم لەگەڵ چەند برادەرێکدا سەردانێکی (مەڵبەندی جینۆسایدی رواندا) بکەین ، رەنگە زۆربەی ئێمە لە دوورەوە دەنگوباسی ئەو کارەساتەمان بیستبێت لە رێگەی میدیاکانی جیهانەوە بەڵام دەگمەنە بۆ کوردێک هەلی بۆ رەخسابێت بتوانێت سەردانێکی ئەو مەڵبەندە بکات.



مەڵبەندی جینۆسایدی رواندا

کارەساتی قڕکردن و کوشتوبڕی پاکتاوی رەگەزیی ئەم وڵاتە لە ساڵی 1994 دەستی پێکرد لە نێوان هەردوو تیرەی " هووتو " کە زۆرینەی گەلی رواندا پێکدێنن بۆ لەناوبردنی " توتسی" کە کەمینەی خەڵکی وڵاتی (رواندا) ن ، هوتو ئەو کاتە حوکمی رواندایان دەکرد ، بەشێوەکی ئەوەندە درندانە کە ئەگەر سەردانێکی مەڵبەندەکە نەکەیت نازانیت کە لەسەر ئەم زەمینە چ درندەیەک دەژیت !! بەڵام هێشتاش ناگەنە درەندەکانی "بەعسی" لای خۆمان کە تا بیناقاقەیان نوقمی گۆماوی خوێنی کوردە ، هووتو بۆ ئەوەی تەنیا رەگەزەکەی خۆی لە رواندا بمێنێت و بە خەیاڵی خۆیان تاهەتایە حوکمی ئەو وڵاتە بکات کەوتە کوشتنی توتسی بە هەموو توانایەک

لە منالی شیرەخۆرەوە بگرە تاکو پیری پەککەوتەی نەوەت سالْ ، بێئەوەی سڵبکات لە کوشتنی ژن و منداڵیش ، هەموو شتێکی بەکار هێنا بە تایبەتیی (تەور ، چەقۆ ، کوتەک ، بەرد ) تا دەگاتە تفەنگ و شتی تریش ، توتسییەکان دەڵێن کە دەوری ملوێنێکیان لێ کوژراوە بەلام ئەگەر ژمارەی توتسی وەرگرین بە گشتیی لە رواندا ئەوە مەزەندە ناکرێت کوژراوەکان ژمارەیان بگاتە ملوێنێک ؟ بەهەرحالْ خۆ ئەگەر نەشگاتە ئەو ژمارەیە ، ئەوە لە تاوانەکە بە هیچ جۆرێک کەمناکاتەوە چونکە بەراستی هووتو ویستیان توتسی لەناوبەرن و رەگەزەکەیان پاکتاو بکەن.. لێرەدا گرنگە باسێکی ئەو کۆشکەتان بۆ بکەم کە تایبەت بۆ ئەم مەبەستە درووستکراوە .. لە پانتایی دەوری دووهەزار مەترێک ریزێک ساختمان (بینایە) درووستکراون بە شێوەیەکی زۆر زانستییانە کە هەر لە دەرگاکەوە چوویتە ژوورەوە بەدەست خۆت نییە سامناکییەک داتدەگرێت و هەستێکی زۆر سەیرو ترسناکت لە ناخا پەنگ دەخواتەوە ، کۆلانی تەنگ و تا رادەیک تاریک و درێژۆلکەیان درووستکردووە و بە پۆستەری گەورەی قوربانییەکان دیوارەکان داپۆشراون و بە زمانەکانی ، (فەرەنسیی و ئینگلیزیی و کینیارواندا*) کورتە باسێکی ژیانی قوربانییەکەو رۆژی کوشتنی و بە چ چەکێک کوژراوە دەکات ، جگەلەوەش لە دیوارەکەدا سکرینی (شاشە)ی ڤیدیۆ چەسپکراوە بە هەرسێ زمانەکە کورتەباسێکی چڕوپڕو پوختەت نیشاندەدات بەبەڵگەو وێنەوە ، ئەو جێگایانەش نیشاندەدات کە جینۆسایدەکانی بە زۆریی تێدا کراوە ، کە کۆلانەکان تەواو دەبێت ئەوجا بە شێوەیەکی رێکوپێک چەندین هۆڵی تایبەت هەیە کە شووشەبەندن و هەریەکەیان تەرخانکراوە بۆ بەشێک لە کارەساتەکە ، وەک (بەشیی پیاوان ، ژنان ، مندالان ) لە بەشی پیاوان جگە لە پۆستەرو وێنەی هەزاران و کورتەیەک لە ژیاننامەیان و چۆن کوژراون ، لەهەمان هۆڵدا ژمارەیک لە کەللەسەرو ئێسکی قوربانییەکان لەناو شووشەبەندا دانراوون ، لە سووچێکی هۆڵەکەدا نموونەی ئەو ئامێرانەش دانراوە کە بەکار هاتوون بۆ کوشتنیان.. بەشی دووەم بۆ قوربانییانی ژن تەرخانکراوە کە ئەویش بەهەمانشێوە وەکو بەشی پیاوان دانراوە تەنیا لەم بەشە کەللەسەری تێدا نییە ، بەلام لە پاشی ئەو ژنە کوژراوە هەر شتێک جێمابێت وەک پێلاو ، مەمەی منداڵ ، جلوبەرگی منداڵەکەی ، بووکەشووشە ...هتد لە هۆڵەکەدا هەیە ، ناخۆشترین بەش ئەو هۆڵەیە کە بۆ منداڵەکان دانراوە ، وێنەیەکی منداڵەکە و لەژێر وێنەکەدا ئەمانە نووسراون ( ناو ، تەمەن ، حەزی لە چ خواردنێک بووە ، کێی زۆر خۆش ویستووە ، ئەگەر منداڵەکە تەمەنی ئەوەندە بووبێت کە قسەبکات دووا ووشە چی گووتوە پێش ئەوەی گیانی پەپوولە ئاسای بەرەو بەهەشت باڵبگرێت ، بە چ کوژراوە ، کە زۆربەیان بە تەور یان چەقۆ کوژراون ) لە ژێر یەکێک لە وێنەی منداڵەکان نووسرابوو کە دوا وشەی گوتبوی کە **UNIRWA** دەگاتە فریامان ئەوەش کورتکراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە لە رواندا لە ساڵی **1994** کە بەداخەوە نەگەیشتنە فریای ئەو و هەزاران منداڵی وەک ئەو کە بەنائۆمێدیی رۆحی پاکیان وەک گەڵای داری پایزان وەریوە ، ئیتر

هەرچۆنێک باسی بکەیت ئەو وێنەیەت لادرووست ناکات تاکو بەچاوی خۆت کارەساتەکە نەبینیت..

من وامزانی ئەم مەڵبەندە تەنیا باسیی جینۆسایدی رواندا دەکات ، بەڵام ئەو کەسەی کە تەرخانکرابوو بۆ رێنمایی کردنمان گوتی دەفەرموون تەماشای بەشەکەی تریش بکەن کە تەرخانکراوە بۆ جینۆسایدەکانی دیکەی جیهان ، یەکسەر هەڵەبجەو ئەنفالم وەبیر هاتەوەو لە دڵی خۆمدا گوتم بێگومان بەشێک تەرخانکراوە بۆ کوردیش ، لە پێشەوە وێنەکانی جینوسایدی جوولەکەم بینی بە دەستی نازییەکانی ئەڵمان لە کاتی جەنگی جییهانیی دووەم بە ناوی "هۆلۆکۆست" کە پۆستەرێکی زۆرو کورتەباسی رووداوەکە بە هەرسێ زمانەکە نووسرابوون ، پاشان بەشی بۆسنەو هەرسک بە دەستیی سربییەکان و وێنەیەکی گەورەی درندەکەی سربیاش " میلۆسۆڤیچ" هەڵواسرابوو کە ئێستا لە دادگای شاری "لاهای" هۆڵەندا پەتکراوە ، ئەوجا گەیشتە کوشتاری ئەرمەنییەکان بە دەستی رەشی تورک لە کاتی حوکمرانیی درندە بەناوبانگەکانی عوسمانیی سەدەی رابووردو ، بەهەرچوارلای هۆڵەکەدا بە خێرایی ئەخولامەوە ، رێنماییەکەی کە لە گەڵمانبوو سەری سورمابوو کە بۆچی ئەم کابرایە ئاوا سەری لێشێواوە ، خۆی پێنەگیراو پرسیاری کرد لێم و گوتی ئەوە تۆ بۆچی ئەگەرێی ؟ لە وەڵامدا گوتم ، ئایا ئێوە دەزانن کورد کێیەو چییە و چی بەسەر هاتووە ؟ کابرا دۆشداماو گوتی نەخێر نازانم ؟ پاشان گوتم ئەی ناوی "سەددام" ت بیستووە یەکسەر گوتی ئا سەددام ئەزانم کێیە؟ بەڵام ئەو چی پێوەندیی بە کوردەوە هەیە؟ باسێکی ئەنفال و هەڵەبجەم بۆ کرد ، و پاشان داوام لێکرد کە یارمەتیم بدات تاکو بتوانم چاوم بکەوێتە بەرێوەبەری مەڵبەندەکە ، زۆری پێنەچوو ، گەیشتمە ژووری بەرێوەبەرو خۆم ناساند بە جەنابی بەرێوەبەر ئیتر کە زانیی کوردم رێزێکی زۆری گرتم و کەوتینە گفتوگۆ ، پرسیم بەرێز ئەوە چۆنە وێنەو پۆستەرو باسیی هەموو جینۆسایدەکانتان کردووە تەنیا کورد نەبێت ؟ لە وەڵامدا گوتی براگیان ئەو پۆستەرو وێنانەو کورتە باسەکانمان لە لایەن ئەو وڵاتانەوە خۆیان هێنراون و ئێمەش بەرێزەوە لە مەڵبەندەکەدا نیشانیان ئەدەین ، بەڵام ئێمە کەس لە کورد تاکو ئێستا پەیوەندییان پێوە نەکردووین تاکو بزانین ئەتوانرێت بەشێک تەرخان بکرێت بۆ کورد یان نا ؟ ئێمە لەسەر کورد زۆر کەم شت ئەزانین و زانیاریمان یەکجار کەمە !!! پرسیم باشە چۆنێتی تەرخانکردنی بەشێک بۆ کورد چۆن ئەکرێت ؟ گوتی ئەوە لە رێگەی حکومەتی کوردەوە لە گەڵ حکومەتی رواندا دەکرێت  بە شێوەیەکی رەسمیی ، کە مەسەلەکەم زانیی ئیتر زۆر سوپاسم کردو ماڵئاواییم لێکرد..

هەرچەندە چوونە ژوورەوە بۆ مەڵبەندەکە بە خۆراییە بەڵام سەندووقێکی لە شووشە لە پێشەوە دانراوە بۆ یارمەتیی و هەرکە چوویتە ژوورەوە فەرمانبەرەکان بە روویەکی گەشەوە پێشوازیت لێدەکەن و بە ئەدەبەوە دەڵێن ، پێشەکیی زۆر سوپاست دەکەین بۆ ئەرکەی

کێشاوتەو هاتووی تەماشای ڕووداوی کارەساتیی جینۆسایدی ڕواندا بکەیت ، چوونە ژوورەوە بە خۆراییە بەڵام ئەگەر بتوانیت هەرچەندێ بێت یارمەتیی بخەیتە ئەو سەندووقەوە زۆر سوپاست دەکەین.. ئیتر هەرکەسەو بە گوێرەی توانا هەندێک پارە دەخاتە سەندووقەوە گرنگ نییە چەندە ، ڕواندا یەکێکە لە هەژارترین وڵاتانی ئەفریکا کە هیچ سەروەتێکی سروشتیی نییەو لە سەر یارمەتیی وڵاتانی دیکە دەژێت ، بەهەرحاڵ ئەم مەڵبەندە ڕۆژانە بە هەزاران گەشتیار لە وڵاتانی دونیاوە دێن بۆ تەماشا کردنیی و بووەتە هۆی پێشکەوتنی گەشت و گوزار بۆ وڵاتەکە و لە ڕووی داراییەوە داهاتێکی باشی هەیە ، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە کە بە هۆی ئەم مەڵبەندەوە سۆزو سەرنجیی جیهانی ڕاکێشاوە بۆ خۆی و هەموو جیهان ئاگەداری ئەو کارەساتەن ؟ باشە دەبێت کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهیدو ئەنفالکردنی 182000 کوردی بێتاوان و قەتڵوعامی 8000 بارزانی و 10000 کوردی فەیلیی و تەختکردنی زیاتر لە 4000 گوندو تاڵانکردنی هەموو کوردستان و فرۆشتنی کچە کورد بە میسرو وڵاتانی کەنداو چی کەمتر بێت لەو کارەساتانەی لە مەڵبەندەکە نمایشدەکرێن ؟؟؟

خۆ ژمارەی بۆسنەییەکان کە لە شاری "سربەنتسیا" بە دەستی سیربەکان کوژران 8000 کەس بوون ، من مەبەستم ئەوە نییە لە درندەیی ئەو کارەساتە کەم بکەمەوە بەڵام لە گەڵ کارەساتەکانی کە بەسەر کورد هاتووە بەراورد ناکرێت ...بۆیە پێشنیاز ئەکەم کە برادەرانی ڕێکخراوی " چاک" هەوڵبدەن لەگەڵ حکومەتی یەکگرتووی داهاتووی هەرێمی کوردستان کە پێوەندیی بکەن بە حکومەتی "ڕواندا"وە تاکو بتوانرێت بەشێکیش بۆ کارەساتەکانی کوردستان لەو مەڵبەندە تەرخانبکرێت ، تاکو هەموو جیهان لە تاوانەکانی بەعس و سەددامی خوێنرێژ دژ بە گەلی کورد ئاگەدار بکرێتەوە ، من بۆیە ئەم پێشنیازە دەخەمە بەر دەستیی برادەرانی چاک چونکە بێگومان ئەم ڕێکخراوە سەنگێکی باشی هەیە و لەسەر ئاستی زۆربەی وڵاتانی دونیا ناسراوە ، لە لایەکی ترەوە دەنگی ئەوان لە دەنگی تاکە کەس باشترو بە سەنگترە و شارەزاییەکی چاکیان لەم بوارەدا هەیە ، چاک توانیی بازرگانی چەکی کیمیاوی هوڵەندیی توندکات لە زیندان و نزار خەزرەجی لە دانیمارک دەربپەڕێنێت و کونە مشکی لێبکاتە قەیسەریی ، بۆیە ڕوویی داواکارییەکەم لە چاک کرد ، چونکە بێگومان توانای ئەوان لە تاکە کەس باشترە ، لێرەدا ئەوەندە دەتوانم بڵێم کە "چاک" خەمخۆرو عەودالی هەڵەبجەو ئەنفالن بۆیە خۆشەویستی کەس و کاری هەڵەبجەو ئەنفال و هەموو کوردستانن...

فەخرەدین گەرمیانی – کۆنگۆ – ئەفریکا

2005-03-11

* کینیا ڕواندا : زمانی خەڵکی ڕواندایە